ژمارە: ٢٢
ڕێکەوت : / ڕێبەندان / ٢٧٢٠ی کوردی

العدد: ٢٢
التاريخ: ١٠ / ٢ /٢٠٢١

**ڕێکاری پەسەندکراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نوسراوی ژمارە (١٤٢٨) لە ٢٠٢١/٢/٧**

**بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی**

**یەکەم/بواری خوێندن:**

١. کرێی خوێندنی قوتابی و خوێندکارانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان تەنها بۆ ئەو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانانە خەرجدەکرێت کە باوەڕپێکراون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە و به شێوازێکی ناوەندی(مەرکەزی) لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان تۆمار دەکرێن.

٢. قوتابی و خوێندکار ساڵانە پشتگیری لەو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەیە بهێنێت کە لێی دەخوێنێت. کە ساڵی خوێندن و قۆناغی خوێندن و کرێی ساڵانەی خوێندنی تێدا بنوسرێت، بەمەبەستی تۆمارکردن لە سیستەم و فۆرمێکی پێدەدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانیە سیاسییەکان.

٣. قوتابی و خوێندکار ساڵانە ئەو فۆرمەی پێی دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەگشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان لە بری پێدانی کرێی خوێندن دەبێت بیگەیەنێتە ئەو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەی کە لێی دەخوێنێت لە (٣)مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن.

٤. قوتابی و خوێندکار ناوی شەهیدەکەی لە لیستی بودجەی تەرخانکراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەر پارێزگایەک تۆمار کراوە پشتگیری دەهێنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەو پارێزگایەی کە لێی دەخوێنێت، بەمەبەستی وەرگرتنی فۆرم.

٥. مەرجە کۆد و ناوی سیانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە سیستەمی مووچە وەربگیرێت.

٦. فۆرمی زانیاری قوتابی و خوێندکار بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە سیستەمدا هەبێت و لە کاتی گەڕاندا کۆدی شەهید یان زیندانی سیاسی دەکرێتە بنەما بەمەبەستی ڕێگری کردن لە سوودمەندبوونی دووبارە و نایاسایی.

٧. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە سوودمەند دەبن لە کرێی خوێندنی ساڵی(٢٠١٩-٢٠٢٠) بەدواوە بەپێی سیستەمی نوێ دابرێژرێت.

ژمارە:
ڕێکەوت : / ڕێبەندان / ٢٧٢٠ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢١

٨. ناوی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) داخڵی سیستەم بکرێت بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەسوکاریان و کۆدیان پێبدرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بە هەماهەنگی لەنێوان هەرسێ بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان.

٩. پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانیە سیاسییەکان لە ماوەی (٤) مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن لیستی سەرجەم قوتابی و خوێندکاران بەتەواویی تۆمار بکەن لە سیستەم و بە نووسراو بەرزی بکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

١٠. لیستی سەرجەم قوتابی و خوێندکاران پاش تۆمارکردنیان لە سیستەم لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە بەنووسراو بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێز وەزیر بە مەبەستی پەسەندکردن و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**دووەم/ بواری تەندروستی:**

١. داواکارییەکان بەمەبەستی پشکنین و چارەسەری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتییەگشتییەکانی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان پێشکەش دەکرێن بەمەبەستی پشتگیری کردنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

٢. ئەو حاڵەتانەی کە نەخۆشی قورسن پێویستیان بە لیژنەی پزیشکی هەیە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری و بە ڕەزامەندی بەڕێز وەزیر ئاراستەی وەزارەتی تەندورستی دەکرێت.

عبدالله حاجی محمود
وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان
١٠/ ٢/ ٢٠٢١